# سەرۆكی حكومەتی هەرێم پێشوازی لە جێگری سكرتێری نەتەوە یەكگرتووەكان كرد



ڕۆژی دووشەممە نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستانو بەڕێز عومەر فەتاح جێگری سەرۆكی حكومەت، لە تەلاری سەرۆكایەتی حكومەت پێشوازییان لە (دیڤت ڤنس) جێگری سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكانو شاندی یاوەری كرد.

لە كۆبوونەوەیەكدا باس لە پتەوكردنی پەیوەندییەكانی حكومەتی هەرێمو (UN)كراو هەردوولا ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ هاریكاری كردنی یەكتری، هەروا باسیان لە زیاتر خزمەتكردنی خەڵكی كوردستان كردەوە، بەتایبەتیش لەم بارودۆخەی ئێستادا كە ئارامیی لە هەرێمەكان دەستەبەركراوە.

بەڕێز دیڤت حكومەتی كوردستانی دڵنیاكردەوە كە لە ئایندەدا ڕۆڵی كارا دەگێڕن لە عێراقو كوردستان، بەتایبەتیش كە نووسینگەكەیان لە كوردستان دەتوانێ ئازادانە كاری خۆی بكاتو حكومەتی هەرێمی كوردستانیش هاریكاری دەكات.

دواتر داوا لە بەڕێز دیڤد كرا كە خزمەتگوزاری زیاتر بگەیەننە ئەو جێگایانەی پێویستی پێیانە، بەتایبەت هەرێمی كوردستان كە ژێرخانی كشتوكاڵیو پەروەردە كە لە هەشتاكاندا زیانێكی زۆریان بەركەوت.

## پتر لە ٣٠٠ كەسایەتی تورك
# داوا دەكەن كێشەی كورد لە توركیا ئاشتیانە چارەسەر بكرێت

**ئاژانسەكانی هەواڵ:**
پتر لە (٣٠٠) كەسایەتی ناسراوی توركیا بانگەوازێكیان مۆركردووە كە تیایدا هاتووە: پێویستە دەسبەجێ واز لە زمانی توندوتیژی بهێنرێتو چونكە زیانێكی گەورەی ماددیو مەعنەوی لێداوینو ئاسەواری خراپی بەسەر ژێرخانی كۆمەڵایەتیماندا هەبووە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا داوا لە هەموو پەیوەندیداران دەكەین بە پەلە كار بۆ كۆتایی هێنان بە پێكدادانە چەكدارییەكان بكەنو ڕێگە چارەی شارستانیانە بۆ كێشەكە بدۆزرێتەوە، بۆ گەیشتن بەمەش پێویستە بەر لەهەر شتێك دروشمی (نەخێر بۆ مردنو پێكدادان، بەڵێ بۆ چارەسەری سیاسیانە لە دەوڵەتدا) بەرز بكرێتەوەو گۆڕانكاری لەیاساكانو دەستووری وڵاتدا بێنە ئەنجامدانو زەمینەی چارەسەری ئاشتیانە خۆش بكرێتو هەروەها گۆڕان لە یاسای ڕێژەی سەدیدا بكرێت كە ئێستا ڕێژەكە ١٠٪ بۆئەوەی ڕێگە خۆشبێت لە بەردەم تەواوی پێكهاتەكانی كۆمەڵگاكەمان تاكو لە پەرلەماندا بەشداربنو، چونكە بەشێوەی ئێستای یاساكە ناعادیلانەیەو نوێنەرایەتی هەموو گەل ناكات.

هەروەها داوا دەكەین تێكڕای كۆسپەكان لە بەردەم بەكارهێنانی ڕۆشنبیریو زمانو ناسنامەی كورد لە دەزگا فەرمییەكاندا هەڵبگیرێنو بواری ئازادی دەربڕینو ڕێكخستنو ئازادی تەواو بدرێت.

# زانكۆكانی هەرێم لیژنەیەكی تایبەت بۆ توێژینەوە لە كۆلێژی پەروەردەی بنچینەیی دروست دەكەن

د.نزار حەمەئەمین جێگری زانكۆی سلێمانی دووپاتی كردەوە كە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە هەرێمی كوردستان لیژنەیەكی سێ قۆڵی تایبەتی لە هەر سێ زانكۆكانی سلێمانیو دهۆكو سەلاحەددین دروستكردووە، بە ئامانجی توێژینەوە لەكۆلێژە پەروەردەییەكانی زانكۆكانی هەرێم، ئەم لیژنەیە نوێنەری وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاشی لەخۆگرتووە، بەڕێزی ڕایگەیاند كە چاوەڕێی ئەنجامەكانی دەكەین بۆ ئەوەی قوتابیان لەم بارەوە ئاگادار بكەینەوە.

بەڕێزی گوتی: لەساڵی ٢٠٠٣ لە سەر داوای وەزارەتی پەروەردەی ئیدارەی سلێمانی كۆلێژی مامۆستایانمان كردەوە، بۆ ئەوەی مامۆستای بەهرەمەندو كادیر ئامادە بكرێن لە وتنەوەی وانەی سەرەتاییو ناوەندی، ناونیشانیشیان بە(مامۆستای زانكۆیی) دەنوسرێ، ئەمەش بەشێك بوو لەو نەخشە زانستییەی وەزارەتی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بە گۆڕینی كۆلێژی پەروەردە، بە كۆلێژی پەروەردەی بنچینەیی، تا هەموو قوتابیان لە قۆناغی یەكەمەوە ئاگادار بكرێنەوەو بەڵێنیان لێوەربگیردرێت كە دوای دەرچوونیان جگە لە سەرەتایی وانەی یەك تا سێی ناوەندیش دەڵێنەوەو ناونیشانیشیان دەگۆردرێت بە مامۆستای زانكۆیی، ئێستاش ئەنجامەكەی بۆ وەزارەتی پەروەردە بەجێ هێڵدراوە تا بڕیاری لەسەر بدات.

# بەڕێز لیژنەی مەراسیمی بەرز ڕاگرتنی یادی دامەزراندنی كۆماری كوردستانو تێكۆشەرانی حزبی دیموكراتی كوردستان

ئامادەبووانی خۆشەویست

ئەمڕۆ ساڵیادی دامەزراندنی كۆماری كوردستانە، ئەو كۆمارەی بۆتە لاپەڕەیەكی گەشو هەمیشە زیندووی نێو لاپەڕەكانی خەباتو تێكۆشانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كوردستانی ڕۆژهەڵاتو گەلەكەمان،پیرۆزبایی خۆمانو سەرجەم هاوڕێیانی حزب لە ئێوەو خۆمانو سەرجەم پێكهاتەكانی كوردستان دەكەین.

هەڵبەت كۆماری كوردستان كە لە ڕێگای تێكۆشانو قوربانیدانێكی گرانبەهای گەلەكەمانو پێشەنگە سیاسییەكەی دامەزراو توانیشی لە مێژووی خۆیدا چەندین دەستكەوتی سیاسیونیشتمانیو نەتەوەیی كلتوری گرنگ بۆ گەلی كورد بەدەست بهێنێت، هەر بۆیەش ئەو كۆمارە جوانە مەرگە تا هەتایە لە مێژووی گەلەكەماندا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوەو دڵنیاشین خەباتو تێكۆشانی گەلی كوردو پێشەنگە سیاسییەكانی لەو پارچەیەی كوردستاندا درێژەی دەبێت تاكو ڕۆژی ئازادیو سەرفرازیو بەختەوەری گەلو نیشتمان هەڵبەت یەكڕیزی سیاسیو هەماهەنگیو هاوكاری لەنێوان حزبو هێزە تێكۆشەرەكانو پتەوبوونی ڕیزبەندی كوردستانی بەردی بناغەو زەمانەتی مسۆگەركردنی سەركەوتنو سەرفرازی گەلەكەمانە بەتایبەتیش لەم قۆناغەدا.

لەگەڵ ڕێزماندا

مەكتەبی سیاسی
حزبی شیوعی كوردستان
٢٢/ ١/ ٢٠٠٧

## دەستەیەك داوای بە یاسایی كردنی سروودی ئەی ڕەقیب دەكەن
# تامان شاكر: پێویستە لە ڕێگای ڕاپرسییەوە ئەم سرووده بگۆڕدرێت

دەستەی بە یاسایی كردنی سروودی ئەی ڕەقیب لە بەیاننامەیەكدا داوا لە پەرلەمانو حكومەتی هەرێم دەكەن، كە بە فەرمی ئەم سروده بناسرێو وەك تاكە سرودی ڕێو ڕەسمی بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەكانی نێو دەزگا فەرمییەكانی هەرێمی كوردستان بچەسپێ، چونكە ئەم سروده زۆربەی بیروباوەڕە سیاسییە جیاوازەكانی لە دەوری خۆی كۆكردۆتەوەو سنورە دەستكردەكانی ئەم نیشتمانەی بەزاندووەو بووە بە سومبوڵێكی نەتەوەییو وزەیەكی بەرەنگار بوونەوە لەهەمبەر تێكڕای دوژمنە سەرسەختەكانی دەورانی كوردستان.

هەر دەربارەی بە یاسایی كردنی سرودی (ئەی ڕەقیب) تامان شاكر وەك ئەندامێكی دەستەی بە یاسایی كردنی سرودەكە بۆ ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان دواو گوتی:

سرودی ئەی ڕەقیب كە دڵداری شاعیر شیعرەكەی نووسیوەو حوسێن بەرزنجی ئاوازەكەی بۆ داناوە، هاوڕێی پێشمەرگەو زیندانە سیاسییەكانی كورد بووە، بۆیە كاتێ كە هەواڵی گۆڕینی ئەم سرودەمان بیست، هەستم كرد غەدرێكی گەورەیە لە كورد دەكرێ، چونكە ئەم سروده بۆتە موڵكی هەموو كوردو لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە نەبێت ناتوانرێ دەسكاری بكرێتو بگۆڕدرێت، چونكە بۆ یەكەمجار لە ١٧/ ١/ ١٩٤٦ لە كۆماری مەهاباد ئاڵای كوردستان لەگەڵ ئەم سروده بەرز كرایەوە،

ئەمە مێژوویەكی لە ناخی هەر یەكێكمان دروستكردووە.

بۆیە من وەكو ژنێكی نەتەوەییو خەمخۆرێكی ئەم خەڵكە بڕیارماندا لیژنەیەك پێك بهێنین بۆ ئەوەی سرودی كوردستان لە پەرلەمان بە یاسایی بكرێ. گۆڕانی ئەم سروده لەم بارودۆخەی ئێستادا زووە، چونكە كێشەی زۆرمان ماوە دەكرێ بیر لە چارەسەركردنی ئەم كێشانە بكەینەوە بەر لە گۆڕینی سرودێك كە لە ناخی هەموو تاكێدا ڕەگی خۆی دا كوتاوە، هەروا زۆرن ئەو وڵاتانەی وەك فەرەنساو ئەڵمانیا كە سرودەكەیان لەگەڵ پێشكەوتنی ئەمڕۆیان ناگونجێ، بەڵام دەسكاری سرودی نیشتمانیشیان نەكردووە، دواتر ئێمە دژی سرودی باشو زۆربوونی نین، بەڵكو پشتگیرییان دەكەین، بەڵام من وەكو تاكێك كە خاوەنی سێ شەهیدمو براكەشم لە زیندانەكانی بەعسدا بە دڵنیاییەوە بەم سرودەوە شەهیدكراوەو لەیلا قاسمو هەزاران شەهیدی دی بەم سرودەوە چوونە ژێر پەتی سێدارە، بۆیە پێم وایە ئەوە تاوانو غەدرە لە ڕۆحی ئەم شەهیدانەی دەكەین، دواتر ئەوەی ئێمەی كوردی پارچەكانی دی بەیەكەوە گرێدەدا سرووەدی ئەی ڕەقیبو ئاڵای كوردستانو نەورۆزە، بۆیە وەك دەستەی بە یاسایكردنی سرودی ئەی ڕەقیب دژی گۆڕانی ئەم سرودەین.


تامان شاكر

ناوەندی چاك هەوڵەكانی بەردەوامە

# ٤٠ پەرلەمانتار ئیمزا دەكەن كە ئەنفال جینۆسایدە

ئەگەرچی چاك سوید بڕیاری دابوو كە كەمپینی ناساندنی ئەنفال بەجینۆساید لە وڵاتی سوید تا بەرواری ٣١/ ١٢/ ٢٠٠٦ بێت ، بەڵام بەهۆی ئەوەی بۆ یەكەم جار لەدیرۆكی كوردا توانیمان ئیمزای دەیان ئەندام پەرلەمانی سوید بەدەست بهێنین كەلەنێویاندا ٣ سەرۆكی پارت و ٣ سەرۆكی فراكسیۆن و دەیان ئەندام پەرلەمانی تیایە ، ئەمە جگەلەوەی دەیان وسەدان كەسایەتی و هاوڵاتی سویدی و كوردی و پالپشتی خۆیان بۆ ئەم كەمپینە دەربریوە ، وە بەپێ ی ئەو پەیوەندیانەی ئێمەش لەگەڵ پارتە سیاسیەكانی سوید هەست بەوە دەكەین ئەگەری سەركەوتنی زیاترمان هەیە بۆ ناساندنی ئەنفال بەجینۆسایدا. بۆیە ئێمە درێژە بەو كەمپینە ی خۆمان دەدەین ، بەو هیوایەی بتوانین زیاتر مەسەلەی ئەنفال بگەیەنینە ناوەندە سیاسی و میدیاكانی ئەم وڵاتە . ناوی ٤٠ ئەندام پەرلەمانی سویدە بە ئیمزاكانیان بروسە ی ئەنفالیان بە

# دەقی یاداشتنامەی ڕێكخستنی شاری سلێمانی حزبی شیوعی كوردستان بۆ پارێزگاری سلێمانی

ڕێزدار جەنابی كاك دانا ئەحمەد پارێزگاری سلێمانی
بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
بابەت/ یاداشت

بەڕێزان وەك ئاگادارن لەماوەی ڕابردوودا بەشێوەیەكی بەرچاو نرخی سووتەمەنی( نەوت-غاز-بەنزین-گاز)و هەروەها نرخی نان لەبازاڕەكانی شاردا بەرەو بەرزبوونەوە چوو، بێگومان ئەم بەرزبوونەوەیەش ئەوەندەی تر باری سەرشانی چین وتویزە هەژاروكەمدەرامەتەكان بەتایبەت مووچەخۆرانو فەرمانبەرانی قورستر كرد.

بەڕێزتان وەك نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵكی سلێمانی داواتان لێ دەكەین

١-كە تەداخول بكەن لە سنوردانان بۆ نرخ لەبازاڕدا بەگشتی و سوتەمەنی و پێداویستییە زەرورەكانی ڕۆژانەی ئەوخەڵكە بەتایبەتی، نەك هەركەسێك بەئارەزوی بەرژەوەندی خۆی نرخی دیاری بكات.

٢ حكومەت پشتگیری نانەواو خاوەن سەمونخانەكان بكات و نەهێڵن نرخی سەمون بەرزبكرێتەوە.

٣-پێدانی بەنزین و گاز بەپاسەكانو زیادكردنی بڕەكەی نەك بەرزكردنەوەی نرخەكەی لەسەریان بۆ ئەوەی نرخی هاتوچۆ وەك خۆی بمێنێتەوە.

٤- بەمەستی چارەسەركردنی كێشەی كەمی كارەبا هەوڵی جدیتان بخەنەگەر بۆ دانانی مولیدە ئەهلیەكانو هاوكاریان بە سوتەمەنی.

لەگەڵ هیوای سەركەتنو بەرەو پێشەوەچوونی كا ڕەكا نتان لەپێناو خزمەتكردنی دانیشتوانی شارەكەمان.

ڕێكخستنی شاری سلێمانی
حزبی شیوعی كوردستان
٢١/ ١/ ٢٠٠٧

# ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵات

**زیرەك كەمال**

لەهەر كوێیەك دەسەڵات هەبوو لەوێدا بەبێ هیچ ئەگەرو گومانێك ئۆپۆزسیۆنیش دەبێت، واتا ئێمە نەلە مێژووی ڕابردوودا نە لە ئێستادا سیستەمێكی دەسەڵات بەدی ناكەین كە لە نێو هەناوی خۆیدا ئۆپۆزسیۆن بەرهەم نەهێنێت..

هەڵبەت ماهیەتو نێوەڕۆك شێوازی كاركردنو پێكهاتەی عەقڵیو ئیداری ئەو دەسەڵاتەش چۆن بێت، ئاوا ئۆپۆزسیۆنیش لەسەر هەمان فۆرمو بچمو نێوەڕۆك دەبێت، بۆ نموونە لەسەر زەمینی سیستەمە دیموكراسییەكاندا ئۆپۆزسیۆنیش لەبەرگو نێوەڕۆكو شێوازی مەدەنی خۆی دەخاتە ڕوو، لە دنیای ترسناكی دیكتاتۆریەتیش ئۆپۆزیۆنیش بەرگو رووكارو شێوازی توندڕەویو تووندو تیژی دەپۆشێت..!

واتا لێرەداو لەم بوارەدا سیستەمی دەسەڵات ڕۆڵی ژێرخان دەبینێتو ئۆپۆزسیۆنیش وەكو سەرخانی ئەو ژێرخانە لە دایك دەبێت.

بەڵام مەبەستی من لێرەدا ئەوە نییە بەشێوەیەكی مەعریفیو ورد قسە لەسەر دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بكەم، بەڵكو مەبەستی من ئەوەیە كە ئەوە بڵێم ئایا مەرجە كە حزبێك بەشداری كابینەی دەسەڵات بێت، ئەو حزبە مافو شەرعییەتی ڕەخنەگرتنی نەبێت لە قەیرانو دیاردەو پەتا ترسناكەكانی نێو كایەی سیاسیو ئابووری؟ كە ئەم تێڕوانینو دەنگۆیە ماوەیەكی زۆرەو ئێستاش گەرمتر لە جاران قسەی لەسەر دەكرێت كە گوایە هەر حزبو لایەنێك كورسی هەبوو لە كابینەی ئیداریو حوكمی بۆی نییەو بگرە بڤەشە باسی هەڵەو كەمو كوڕیو پەتاكانی نێو واقیعی سیاسیو ئابووریو كۆمەڵایەتی بكاتو بگرە هەندێك نووسەری نزیك لە دەسەڵاتی ڕاستەقینە تا ئەو سنورەش دەڕۆن كە بڵێن ئەو حزبانە نەك بۆیان نییە ڕەخنە لە ناشیرینەكان بگرن، بەڵكو دەبێت لەبەرچاوی ڕای گشتیو دەرەوەدا داكۆكیشی لێ بكەن واتا بە ناشیرینەكانی بڵێن جوانیو بە بەرهەمهێنەرانی گەندەڵیو ناشیرینیش بڵێن قوربان هەڵەكانیشتانو گەندەڵییەكانیشتان جۆرێكە لە ڕاستیو جوانی.. هەڵبەت هیچ حكومەتو دەسەڵاتێك پێشناكەوێت ئەگەر بڕوای بە ڕەخنەگرتنو سانسۆری جەماوەر نەبێت بۆ سەرخۆی، ئەزموونی دیموكراسی گەلانیش ئەوەی فێركردووین كەوا سیستەمو كایەكانی دەسەڵات لە ڕێگای ئاوێنەی ڕەخنەو پێشنیارو تێبینی چینو توێژەكانی كۆمەڵگا دەتوانێت رووخسارو سیماو هەقیقەتی بوونی خۆی ببینێت، لە ڕێگای ئەوانەوە دەتوانێت ئەو قەیرانو پەتا سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئابوورییانە بەدی بكات كە بەرۆكی كۆمەڵانی خەڵكی گرتووە، دیارە هەر لەو ڕێگایەشەوە حكومەتو جەماوەر بكەونە حاڵەتی پەیوەندییەكی تەندروستانەو لەسەر بنەمایەكی هارمۆنیو دیالەكتیكیو هاوسەنگی دەتوانێت پردو ڕایەڵەكانی پەیوەندی خۆیان دروست بكەن، كە جێگای داخە بەهۆی نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێكی ڕاستەقینەی خاوەن پرۆژەو بەرنامەو ملكەچ نەكردنی كایەكانی سیستەمی حكومیو ئیداری بۆ ڕەخنەو گلەییو خواستەكانی كۆمەڵگا بەپێی پێویست جگە لەوەی بۆتە هۆی خولقاندنی چەندین قەیرانو كێشەی جۆراو جۆر هەروەها بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان جەماوەرو حكومەت لە حاڵەتێكی ناتەندروستو ناهاوسەنگدا بێت، دەبێت ئەوەش بڵێم ئەو نووسەرو ڕاوێژكارانە پێیان وایە یاخود داوای ئەوە لەو حزبانە دەكەن كە لە كابینەی حكومەت بەشدارن نابێت ڕەخنە بگرن، ئەوا هەم خۆیان لە ئیلتزامكردن بە بنەما سەرەتاییەكانی دیموكراسیەت دەشارنەوەو دەشیانەوێت لەسەر ئەزموونێك بەردەوام بنو درێژە بە ڕێڕەوی سیاسی واقیعێك بدەن كە هەموومان لە ڕابردوودا لە دژی بووینو لەسەر ئاستێكی سیاسیو جەماوەری بەرفراوان لە دژیدا ڕاپەڕین.

هەڵبەت پێوەرو پێوانەی هەر حزبێكی سیاسیش هەر بەوە دیاری ناكرێت كە لە مێژوودا خاوەنی خەباتو تێكۆشانێكی زۆر بووە، بەڵكو لە قۆناغی ئێستادا پێوەری دڵسۆزیو زیندوێتی هەر حزبو كەسو لایەنێك بەوە دیاری دەكرێت كە ڕەخنەی جددی لە گەندەڵیو خراپ بەكارهێنانی كایەكانی دەسەڵات بگرێت.

# سوپاسنامە، بۆ هەموو ئەوانەی بەشداری پرسەكەیان كردین

سووپاسنامەیەك لە بنەماڵەی كۆچكردو خاتوو سافیە فقی ئەحمەد كە دەكاتە دایكی هاوڕێ بابە عەلی جەباری ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی كوردستان

بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو خاتوو سافیە فقی ئەحمەد سوپاسی بەڕێزان لە مەكتەبی سیاسی و سەركردایەتی و هاوڕێیان و ڕاگەیاندنی ناوەندی كۆمیتەی پارێزگای سلێمانی و كەركوك و گەرمییان و هەولێر و هەموو هاوڕێیانی حزبی شیوعی و نوێنەرانی لایەنە سیاسی و دامودەزگا حكومی و ڕێكخراوە پیشەیی و دیموكراتییەكان و مامۆستایانی ئاینی و شێخانی تەریقەت دەكەین بۆ بەشداریان لە پرسەكەماندا .

بنەماڵەكەمان بەشانازییەوە دەڕوانێتە ماندوبوونو بەشداریكردنتانو هەروەها سووپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەش دەكەین كە بەشێوازی جیاجیاو لەناوەو و دەرەوەی وڵاتدا بەسەریان كردینەوە و بەشداری پرسەكەمان بوون هیوادارین ناخۆشی نەیێتە ڕێگایان و دووبارە سوپاس بۆ هەموولایەك.

بنامەڵەی خۆالێخۆش بوو
خاتوو سافیە فقی ئەحمەد كە دەكاتە دایكی هاوڕێ بابە عەلی جەباری

## درێژەی . . .ڕاگەیاندنی مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی كوردستان
# لەبارەی هەڕەشەكانی حكومەتی توركیا

ئەم هەڵوێستانەی حكومەتی توركیا هاوكاتە لەگەڵ قایلنەبونی یەكێتی ئەوروپا بەوەرگرتنی توركیا بە ئەندام لەو یەكێتییە، بەهۆی سیاسەتە ناوخۆییەكانی دەوڵەتی توركیا وهەڵوێستی لە مەسەلەی دیموكراسی وئازادییە سیاسییەكان ومەسەلەی گەلی كوردستان لە توركیا كە دەكرێ بە شێوەیەكی ئاشتی ودیموكراسیانە چارەسەربكرێ.

ئێمە ئەم هەڵوێستانەی حكومەتی توركیا بە كارێكی هەڵەدەزانین، و بەپێچەوانەی گیانی هاوكاری ولەیەكتر حاڵیبون و دۆستایەتی نێوان گەلانی تێكرای ناوچەكەیە، و ئاماژەش بۆ ئەوە دەكەین كە ئەم كارانە نەك تەنها لە بەرژەوەندی گەلی كوردستان وسەرانسەری گەلی عێراقدا نییە، بەڵكو لە بەرژەوەندی گەلانی توركیاشدا نییە، لە كاتێكدا خەمخۆری بۆ دوارۆژی ئاشتیانە لە ناوچەكەدا وادەخوزاێ كە پەیوەندییەكی توندوتۆڵ لەسەر بنەمای دیموكراسی وڕێزگرتنی تایبەتمەندییەكان وپاراستنی سەروەری نیشتمانی یەكتر و دەستێوەرنەدان لە كاروباری نێوخۆی یەكتر، نێوان تێكرای گەلانی ناوچەكە بەگشتی ونێوان گەلەكەمان وگەلانی توركیا بە شێوەیەكی تایبەتی، بنیاتبنرێ.